# وەزیری پەروەردە ئەو ئاگری ڤینۆسە نەك نەورۆز

## نیهاد جامی

بۆئەوەی لەپەیوەندیی نێوان خوێندکارومامۆستا بێینە دوان پێویست بەوە دەکات کە ئاماژە بۆ ڕووداوێك بکەین کەلەپشت ئەو نووسینەوە وەستاوە, ئەویش خۆسوتاندنی کچە خوێندکارێکی قوتابخانەی شەفەقی سەرەتاییە لەشاری هەولێر بەناوی"ڤینۆس عەبدوللا کەریم" کە لەئەنجامی وون بوونی دەفتەرێکی لە نێوان خۆیی و کچە خوێندکارێکی هاوڕێیی سەرەنجام مامۆستاکەی سوکایەتی پێدەکات ولەناو خوێندکارەکان دەیکاتە مایەی پێکەنین ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کچەکە خۆی بسووتێنێت.

کاتێ لەبەردەم کارەکتەرێکی وەك مامۆستای سەرەتایداین لە بری ئەوەی توانای ڕەفتارکردنی هەبێت لە تەك سایکۆلۆژیەتی منالێ کەچی دەبینین ئەو کارەکتەرە بەکۆمەڵێك گرێی دەروونیی خۆیەوە ڕەفتار دەکات, ئەوە کاتە پێویستمان بە ڕەخنە گرتنە لەکۆی ئەو سیستمی بەباوك کردنی مامۆستاو ڕەخنە گرتنی توندە لەپەیوەندیی نێوان مامۆستاو خوێندکار, کێ ئەو مافە بە مامۆستایەك دەدات ژیان لەمنالێك تاڵ بکات؟ ئایا مامۆستا بوونەی ئەو ستایشێکە بۆ ژیانی منالێ یاخود ئەو مومارەسەی پیشەکەی خۆی دەکات؟ ئاخر کاتێك دەبینین ئەو کائینە دەبێت بە جەللاد هۆکاری سەرەکی پەیوەستە بەو دۆخە تراژیدیەی کە ناوەندەکانی خوێندن تێی کەوتوون بەوەی هەر هەمان دۆخی زەبرو زەنگی خێزان لەناو ماڵدا بگوازرێتەوە ناو خوێندنگاکان, ئەو کاتەش پێویستمان بە قسەکردنە لە تاوانو چەمکی گوناه , بەلاّم ئاخۆ ئێمە یاسایەكو سیستمێکمان هەیە جەللادەکانی بەناوی باوك کچەکانیان دەکوژنو مامۆستاکانی دەبنە هۆکاری خۆسووتاندنی خوێندکاران کۆتایی بەو تراژیایە بێنێت؟ یاخود ئەو سیستمە پاشماوەیەی بەعس زەمینەیەکی لەبارە بۆ شەرعیەتدان بە یاساکانی جەنگەڵو درێژبوونەوەی تراژیدیاکان لەنێو ماڵو خوێندنگاکان؟

دەشێ بۆ پرسیارکردن لە و دامەزراوانە پێویستیەکی خێرامان بەبوونی کۆنفراسێك هەبێت بۆ پەیوەندیی مامۆستاو خوێندکار لەقۆناغی سەرەتایدا, چونکە ئەو قۆناغە قۆناغی هاتنە دەرەوەی کارەکتەری یەکەمە لە باوکایەتیەوە بۆ مامۆستایەتی, کە ئەو کائینە مومارەسەی دوو ئەزمونی جیاوازی ژیان دەکات, بەمانای ئەوەی هەمان وێنە دوبارە نەکاتەوە, وە بۆ کارەکتەری منالیش ئەو لەقۆناغی منالێتیەوە دەبێتە خوێندکار بەمانای ئەوەی چیتر منالێکی هارو هاجو یاخود هەر منالە بەنازەکەی دایەو بابە نیە کەدەبێت لە ماڵەوە بێت بەڵکو ئەو کائینێکە دەیەوێ بێتە دەرەوەو شت فێر بێت, بوونی کۆنفراسێکی بەپەلە پێویستی ترین ئەرکی دامەزراوەکانی پەروەردەیە بەلاّم بەو مەرجەی ئەو گفتو گۆیانە لەناو کارەکتەرە حزبی و مامۆستا جەلادەکان قۆرخ نەکرێت, هێندەی پێویستمان بەبوونی هەموو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە لە و کۆنفراسەدا بۆئەوەی نەکرێت بە کۆنفراسەکانی تر کەلەبەر ستایشکردنی حزبو موجامەلەی مەسئول فریای هیچ شتێك ناکەوین, بۆیە تا بەستنی ئەو کۆنفراسە ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بەجێی بێلم ئەوە نە ستایشکردنی دامەزراوە پەروەردەییەکانەو نە دڵدانەوەی ئەو کچە قوربانییە بەڵکو من پێم وایە بوونی زەمینەیەك بۆ گفتوگۆو لەبارەی ئەو کێشانەوە باسێکی هێندە ئاسان نیە چونکە بەرژەوەندیی حزبی تیا نیە خۆ ئەگەر ئەو بابەتە خزمەتی بە هەڵبژاردن بکردبایە ئەوە لێی دەهاتنە دەنگ, چونکە ئەزمونی دوانزە ساڵە فێری کردین ئاییندە هیچ نیە ئەوەی کە گرنگە ئێستایە ئەوەی لەخەمی ئاییندەشە ئەوە بەدوای کلاّوی با بردوو کەوتووە, مادامەکی ئاوا قسە دەکرێت, دە منیش ئاوا قسە دەکەم:

ئیدیی ئەوە ساتەوەختێك نیە بۆ ڕەخنە گرتن لە سیستمی پەروەردەیی,' پرۆژەیەك نیە بۆ بیرکردنەوە, دامەزراوەکان کاتێ گوێیان لە ڕەخنە دەبێت وەلاّمەکان بەوە کورت دەبنەوە: ئێمە پسپۆری پەروەردەییمان هەیە نووسەران کێن, ئێستا ووشەی"کێن" دەخەمە ناو دوو کەوانەوە تا بە مامۆستا پسپۆڕەکان وبەڕێوبەری پەروەردەو وەزیری پەروەردە بڵێم: ئەرێ ئێوە کێن؟ ئێوە پسپۆڕن یا..؟

ڕۆژێك خوێندکارێك لەسەر نمرەو ڕۆژێکی تر لەسەر دەفتەرێکی وون بوو سوکایەتی بە منالێکی تر دەکەن؟

با نە بەڕێوبەری پەروەردەو نە وەزیرە بەڕێزەکەی‌و نە ئەو مامۆستا بەڕێزەش  کە بووە هۆی ئەوەی "ڤینۆس عەبدللاّ کەریم" خۆی بسوتێنێت, هەراسان نەبن وواتێبگەن دەبێت وەك هەموو جارێك بە وەلاّمێکی هەڵخەڵەتێنەر وەلاّمان بدەنەوە, ئەو ئەرکە مەکێشن با ماندوو نەبن, ئەو پرسیارە تەنها بۆقسەکردنی خۆمە لەتەك جەستەی خەڵوزو ژیلەمۆی ڤینۆس, ئەوە پرسیارە لەو کچە مناڵە  نەك لەوەزیری پەروەردە, ئەوە گوناهبارکردنی ئەو کچەیە نەك مامۆستا بەڕێزەکەی, ئەوە سەفەرێکە دەمەوێ ئەو کچە بە ئاگرەوە بەرمە ناو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەو نەك بۆ ژووری بەڕێوبەر ئاخر دەشێ ئێستا ئەو خەریکی کاری تایبەتی خۆی بێت, ڤینۆس دەبەم تا لەلیستی ئاگاداریەکان ناوی خۆی بخاتە سەر ناوی ئەو هاوڕێیانەی لەداخی سیستمی دواکەوتووی پەروەردە خۆیان سوتاند, من ئەو ئێوارەیە چی قەلەمی دنیایە دەشکێنم, سوتانی ئەو توانای گەورەترین نووسینی هەیە کەلەتوانای ئێمەدا نیە بینوسینەوە, چی ڕۆژنامەیە دەیخەمە سەر جەستەی  تۆ تا ئاگری جەستە ناسکەکەی تۆ بۆ ئەبەد ئاگرەکە خۆش نەکاتەوە, من ئەو ئێوارەیە دیوانەکەی شێرکۆ بێکەس دادەخەم و  دەڵێم"ئێوە پشوو دەن, ئەو ئێوارەیە ڤینۆس دەیەوێ قەسیدەی  سوتاندنی خەونمان بۆ بخوێنێتەوە" ئیمێلێکی زۆر خێرا بۆ گۆران عەبدوللا دەکەم و پێی دەڵێم با کۆمپیوتەرەکەی بکوژێنێتەوەو هیچ بابەتێك ئەمڕۆ لەدەنگەکان بلاّو نەکاتەوە, ئاخر ئاگری  ئەو مناڵە لێناگەڕێ سەیری سایتەکەی بکەین, ئەو ئێوارەیە دەمەوێ ئەو ئاگرە لەناو ماڵی ئێوە ببەمە نێو قوتابخانەو ڕەحلەو سەبوڕەو پۆڵ بە پۆڵی قوتابخانەی شەفەق وبە دیوارەکان بڵێم"منێك کەیەکەم وانەم لێرە خوێند, لەو تانکیانە ئاوم خواردەوە کاتێ زەنگی پشوو لێی دەدا, لێرە مامۆستاکان یەکەم داری ئەوان ناولەپی مناڵیمی سوور کرد, لێرە بوو کە بۆ یەکەم جار دڵمیان شکاندو وەك چۆن هەر هەمان قوتابخانەیە دوای بیست ساڵ لە دڵشکانی من دڵی ڤینۆسیشی شکاند, من بەعامودی ناو هەیوانەکان دەڵێم ئێوە بۆ هێشتان ئەو بتۆرێت, بە بۆری تانکی ئاوەکە دەڵێم بۆ دڵی ئەو فریشتەیەتان ڕانەگرت, دەچمە ئەودیووی دەرگای قوتابخانەکە کەهەر لە دەرگای زیندان دەچوو وەك پیاوێکی تێکشکاو یا چۆلەکەیەکی بریندار کە لە هاوڕێکانی جیابۆتەوە بەگریانەوە دەڵێم من هێندە ترسنۆك بووم نەوێرام بەرامبەر ئەو هەموو دڵ شکانە خۆم بکوژم, بەلاّم ڤینۆس سەد هەزار جار لەمن ئازاتر بوو بێباك لەوەی دوای ئەو چی ڕوو دەدات ئەوەتە مۆمێکەو وا لەپۆل دەسوتێ, چی قەلەم ومساحە و مقتاتەی‌ی خۆی‌و هاوڕێکانیەتی دەیخەمە بەردەم ئاگرەکەی تا ئەو هەرگیز نەکوژێتەوەو پەڵەیەکی شەرمەزاری بێت بۆ بەردەم  ئەو سیستمە نازدارەی پەروەردە, کچەکە تۆ دێیتە دەرەوە تۆ دێیتە دەرەوە ئەمڕۆ پێنج شەمەیە لەوانەیە وەك جاران تەحیە عەلەم هەبێت, مامۆستا ئەوەتە دەفتەرەکە لە ژێر ڕەحلەکان شاردرابۆوە ئەها من درۆم نەکرد هەموو هاوڕێکانت بەبەردەم ئاگرەکەی تۆوەوەستاون مناڵێك کەکتێبەکەی بە دەستیەوەیەتی پێم دەڵێ لەوانەیە هەفتەیەکی تر منیش وەك ڤینۆس بکەم ئاخر مامۆستا پێی وتووم ئەو هەفتە ئەگەر دەرسەکەت نەزانی نایەڵم بێیتە ژوورەوە توخوا من هەقم چیە دۆی دادە ڕژاوە توخوا پێی بڵێ کە نەمن‌و نەڤینۆس کەسمان دۆی دادەمان نەڕشتووە, بەو خوایە خۆم بسوتێنم بەمام زۆراب دەڵێم بەهەموو دونیاش مێوژی نایاب نەفرۆشێتە مامۆستاکانمان, ئەوان بوونە هۆی ئەوەی من‌وڤینۆس خۆمان بسووتێنین.

د وەزیری پەروەردە تۆ ئەو ئاگرەت دیوە لەدوورەوە دیارە ئەوە ئاگری جەژنی نەورۆز نیە بڕوا بکە ئەوە جەستەی ڤینۆسەو لەداخی مامۆستاکەی گر دەگرێت